# توند و تیژی  بەدروستکردنی ئەو دیوارەوە بەند نیە!

**تایەر حاجی حەسەن**
**هۆڵوندا**

ئایا بونیاتی دروست بوونی مرۆڤ خۆی بەشێکە بۆ پەیدا بوونی یەکتر کوشتن! دەبێت هەستکردن  بە چێژی کوشتن  بەوشێوەیە خۆی لە تەنیشت مەرگەوە پیرۆز راگرتبێت! بۆ بەم شێوەیە مەرگی یەکتر حەڵاڵ دەکرێت؟ ئایا ئینسان لەم سەردەمی  پێشکەوتن و داهێنانە نوێیانەدا، هێند کەم توانایە بەرانبەر وەستانەوە و کۆتایهێنان بەم کاولکارییە، نەک درێژەدان بەم وەگەرخستنی قەسابخانەیە؟ بۆ دەبێت ئەوانەی تادوێنی پێکەوە دەژیان و شەوانە بە لێدوانە تاڵەکانی ژیانیان شەویان بەسەر دەبرد، ئێستا بەو شێوە دڕندانەیە بەربوونەتە یەکتر خواردن؟ ئایا ئەمە هێزی قەدەرە زاڵ بووە بە کۆی گشتی بیرکردنەوەی کۆمەڵگایەکدا؟ بۆ نابێت بپرسین ئەرێ  ئەم ژیانە بۆ ئاوا دەشێوێنرێت؟ خۆ تاوانەکان  هەر بەوە کۆتایی پێنەهات تا ڕژێمێکی دڕندە  بە مەرگ خۆی سپارد؟ ئایا سەرەتای کوشتن و یەکتر قبوڵ نەکردن بڵێی لە عێراقەوە سەری هەڵدابێت؟ ئەگەر وانییە هۆکاری ئەم لێکتر تێنەگەیشتنە چیە! ئاخۆ هێزی داگیرکار هێند بەتوانایە تەواوی ئەم نەهامەتیانە بخوولقێنێت لە وڵاتێکدا و ڕەش و سپی بکات بەگژ یەکتردا؟ ئەگەر وایە بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لە عێراقدا هەر لەسەرەتاوە درۆیەکی گەورە، نیە! ئەگەر بوونێکی جێخستوو بە مۆراڵی مەدەنیەت هەبوایە، خۆنەدەکرا بەم وێستگە داتەپیوە بگەین.

ناشیرین کردنی هەیبەتی کۆمەڵگایەک بەم شێوازەی ئێستای  و خۆخزاندنە نێو دەریای دەمارگیری بەم ئالودە بوونە ناچارییەوە، هەنگاو نانێکە بۆ سەردەرنەکردنی فەوزایەک کە کەس خۆی بە خاوەنی ئەسڵی گرفتەکە نەزانێت. ئەمە دەردێکە بێئەژمار کوشندە. مانەوەی ئەم ڕەگی گولییە، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاسای کردنەوەی دیاردەی کوشتن و لەناو بردنی تروسکەی ئازادی، ئازادی بەو مانایەی مانای خۆی بەدەست نەهێناوە و شۆڕنەبۆتەوە بۆ نێو کاری کۆمەڵگا. زەلیل بوون لە بەردەم واقعێکی ئاوا تاڵدا کە پێگەی دروست بوونەکەی لە ناوخۆدایە. ناوخۆیەک هێزە ڕکابەر و بەرژەوەند خوازەکان جێبەجیهینەری ئەسڵی بارودۆخەکەن. ئەگەر لە عێراقدا پێگەی تائیفی و مەزهەبی بەو ئەندازەیەش بوونی نەبوو بێت، لەگەڵ ئەوەشدا کارکردنی بەردەوامی تەواوی ڕەوتە کۆنەپارێزەکان و بەشی پاریزگاری جیهابینی دواکەوتوانەی ڕۆژهەڵاتی ،بوون بە بەشی سەرەکی لە نێو بنیات نانی ئەو گەمە قێزەونەدا. بەم ئەندازەیەی ئێستا دەبینرێت کوشتن و بەدوژمن کردنی ناچارانەی یەکدی کراوە بە ئەمری واقع.

لەزەت و ڕۆحی  بوژانەوەیەکی پاش تیاچونی هەیبەتی دەسەڵاتێک، دەبوا زۆر دڵگیرانەو بەخشندانە بوایە بۆ کۆمەڵگای عێراقی. ئەم هەست و ئیحساسە بەشی زۆربەی خەڵکی داگیر کردبوو. بە پێچەوانەوە ڕێڕەوی گۆڕانکاریەکان وا کەوتەوە، کۆمەڵگە ناچار بکرێت خۆزگە بە ڕابردوو بخوازن. ئەم مانەوەی ڕەگی <u>دووبارەی</u> خۆزگەیە بۆخۆی ئاستی کوشندەییەکە زیاتر برەوپیدەدات. کۆمەڵگە لێرەدا ناتوانێت خۆی بناسێت و پێناسەیەکی ئینسانی بوون بکات بە ئامانجی خۆی، ئاوەها کاریک ناچار ملی خۆی دەخاتە ژێر دروشمی واعیزانێک کە لە ئەسڵدا بە کوشتنی خۆی کۆتایی دێت.

مانەوەی بارودۆخی عێراق و قەیراناوی بوونی ئاستی پلانەکانی (جۆرج بۆش و حکومەتەکەی مالکی) دەتوانێت لەم دەرئەنجامانە باشتر چی بچنێتەوە و چی پەیامێک بدات بە گویی کۆمەڵگەدا. دروست کردنی ئەو دیوارە هێندەی ئەنقەستانە و بنیات نانی جیابوونەوەیەکی بەزۆری خەڵکێکە کە تادوێنی ئاشنا و دۆستی یەکتر بوون ، بۆخۆی دەبێت بە هەستانەوەی زیاتری ڕقێکی زۆر کوێرانە و بە ناچاری و

به ترسنۆکانه ئەو خەڵکه بەردەدەنه گیانی خۆ و کوشتنی یەکدی دەبێته ئامانجێک هیچ هەستێکی مرۆڤانه بوونی نامێنێت.

فەلسەفەی بنیات نانی دیوار خۆی ئامانج لێی شاردنەوەی ڕاستیەکانه، نەک پارستنی گیانی هاووڵاتیان. ئەمانەی ئێستا خەریکی دروست کردنی ئەو دیوارانەن له نێوانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا، دەیانەوێت ئەو ڕاستیه بشارنەوە که خۆیان له ئەسڵدا دیوارن لەبەردەم پێکەوە ژیانی سەرجەم خەڵکی عێراقدا. هەر هاوشێوەی ئەمان بوو تا دوێنێ خەڵکی عێراقی ڕاپێچی نێو جەنگەکان کردوو، به ملیۆنان مرۆڤ کران به سوتەمەنی ئەو جەنگه یەک لەدوای یەکانه! ئەوە چینی دەسەڵات دارو برسی به خواردنی پارووی دەمی خەڵکی عێراقه، ئێستا درێژه بەهەمان تورەی و نابووتی پێکەوە ژیان دەدەن، نەک خەڵکی ساده و ئاسایی نێو کۆمەڵگا. ئیستا دیوارەکان هێند زۆر کراون که زەحمەته ئینسان بتوانێت به ئاسانی خۆیان لیدەربازبکات. دابڕانی کۆمەڵگه له دیاریکردنی هاوچارەنووسی ژیانیان، بۆخۆی بەشێکی ئەو پلانه مەرگ ئامیزەیه که یەخەی بەو خەڵکه بەش مەینەته گرتوە. ئێستا گرفتی سەرەکی خەڵکی نەبوونی ئارامی و دەست ڕانەگەشتنیانه به پەیدا کردنی بژێویەکانی ژیانیان، نەک له هەوڵی ئەوەدا بن دیواری نیوانیان ئەستوورتر بکەن.

بێشەرمی ئەو پلانەی مالکی و دەسەڵاتی سیاسی ئەمریکا لەو دەرئرنجامەدایه ،که ڕەهەندی گێژاوێک ئەوان بەرهەمهێنەریین، هەر ڕۆژەو له زیاد بوونێکی خیراتدایه. ئایا بوونی ئەم گێژاوەی کەدەسەڵات هۆکاریەتی وادەکات ناچار به دروست کردن و بنیاتنانی ئەو بەربەسته بێت! ئاخۆ ناتوانرێت لەبری ئەو کاولکردنه ژیانێکی ئاسوده بەرپابکرێت؟ یان ئەمه کۆتایی پێکەوە ژیانێکەو تەنها چارەسەر ئەو دابڕانەیه؟ ئاخۆ کەلتور و باری کۆمەڵایەتی خەڵکی پایتەختێک ئەوە دەخوازێت ئەو جیابوونەوەیه قبوڵ بکات؟ ئەگەر کۆمەڵگه ئامادەیه بەو شێوەیه بژی ، بۆنەکرا بەبێ کوشتن ئەو جیابوونەوەیه قبوڵبکرێت؟ خۆ دەکرا ئەم کاره کەم دەردەسەریتر و ئینسانیانەتر خوێندنەوەی بۆ بکرایه. بۆدەبێت تەنها زمانی شەڕو کوشتن و تیاچوون بڕیاردەربێت، ئەگەر لەم کۆمەڵگایەدا لانی کەمی مەدەنیەت بوونی هەبوایه، بۆ دەبێت پردێک، تادوێنی ڕێگای هاتووچۆی خەڵکی بوو ، ئێستا بروخێنرێت و تەنها ئاسەواری دیمەنێکی بێهودەیی ببینرێت! دەبێت بزانرێت لەسەرو بەرژەوەندی سیاسیەوە، چ بەرژەوەندیەکی دی خۆی بەو شێوازه دڵڕەقانەیه له کەناردا حەشارداوە؟

ئیستاتیکای جوانی و دلۆڤانی ئەوخەڵکەی تادوێنێ خاوەن یەک دوژمن بوون، هۆکار چی بوو، ئەو هەموو ڕوخسارەی شێواند و جێگاکەی بەنەهامەتی و ڕووڵەشکست پر کردەوە. بڵێی کۆمەڵگایەک بەو جۆره ئامادەیی وون کردنی ڕاستیەکانی هەبێت؟ یان ئەوە ڕقێکی کۆنه مێژووه و ئێستا وەختی دەربڕینیەتی. ڕقێکی سەردەمی پڕ له شەرمەزاریه و جارێکی که سەرەتاتکێیەتی لەگەڵ هاوەڵەکانیدا. ئاخۆ ئەو ڕقه کوێرانەیه تاکەی دەتوانێت درێژه به تەمەنی خۆی بدات؟
مانەوەی ئەم بارودۆخه مەرگەسات ئامێزه دەتوانێت چ فەلسەفەیەک و چ جۆره کرانەوەیەک بۆناو داخران بنەخشێنێت. بۆ دەبێت تەواوی دەروازەکان ڕوو له نشێوبن. ئاخۆ ئەو دەسەڵاته حەکیمانەیه له کوێ خۆی شاردۆتەوه و، ئامادە نیه ڕووی مرۆڤانەی خۆی دەربخات، کوا دەسەڵاتی ئەو حیزبانەی تادوێنێ گۆرانیان بۆ ئازادی و سەربەستی دەگووت! کامه خێرو بەرەکەتی ئەو مەرجەع و ئایدۆلۆژیا مەزهەبیه بوو که بانگەشەی پێکەوە ژیان و خوڵقاندنی دەکرد. ئاخۆ نابێت بۆ خەڵکی ڕوون بێتەوە، تەنها هۆکار و ئاگری ئەم شەڕه نەکوژاوەیه له بن سەری ئەواندایه، نەک خەڵکی ساده.

فەشەلی سیاسی زلهێز و بچوک هێزی کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی بۆ نەتوانینی دابین کردنی ژیان، دەکرێت تەنها پەیامیان درێژەدان بێت بە خوێن ڕشتن و وێران کردنی جوانیەکانی ژیان. ئەمە فەلسەفەی ئەم هێزە دڵرەقانەیە. تەنها بۆ پەیدا کردنی بەرژەوەندیەکانیان ئامادەن نەک دیوارێک هەزار دیوار دروستبکەن لە نێوان خەڵکیدا.

قەتیسمانەوە لە نێو ئایدیای جەنگ و کوشتاردا دەبێتە ئامانجێک بۆ لەنێوبردنی هەر ڕێگا چارەیەکی مەدەنیانەیە لە عێراقدا. ڕێگای ڕۆشن و دیار گرتنە بەری گێڕانەوەی ژیانە بۆ خەڵکی، نەک دروستکردنی دیوار و ئامادەکردنی تیمەکانی مەرگ و کەسانی خۆتەقێنەرەوە. ئەمە نیشانەی داڕوخان و وونبونێکی ترسنۆکانەی سەرجەم ئەو هێزانەیە خۆیان بە موقاوەمە پێناسەدەکەن. ئەمەی ئێستا دەبینرێت تەنها خۆکوشتنی خۆیە لە بێهودەیدا!

2007/04/23